# لەنێوان دوو شەڕدا

فلادیمێر لینین
وەرگێڕانی: ناجی ئەفراسیاو

بەردەوام باس لە ئازادی و نمایشی میللی دەکرێت، هەروەک چۆن هەندێکی تر باس لە ئەنجومەنی دۆما (کۆمەڵەی دامەزرێنەران) دەکەن، بەڵام ئەوە لەبەرچاوناگرن کە بەبێ گەرەنتییەکی جدی هەموو ئەمانە دەبنە چەند ڕستەیەکی پەتی. ئەوەشی کە زەمانەتمان بۆ دەستەبەر دەکات تەنها سەرکەوتنی ڕاپەڕینی جەماوەرە، بە تەنها هەژموونی تەواوی پرۆلیتاریا و جووتیاری چەکدار بەسەر نوێنەرانی دەسەڵاتی قەیسەردا ئەم سەرکەوتنە مسۆگەردەکات، بەبێ گەیشتن بەم ئامانجە، ئازادیی حەقیقی بوونی نابێت، هەروەها نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی گەل نایەتەئاراوە، هەروەکچۆن ئەنجومەنی دۆما دەسەڵاتی ئەوەی نابێت کە سیستەمێکی نوێ لە ڕووسیا دابمەزرێنێت.
دەستوور چییە؟ چەند پەڕە کاغەزێکە، مافەکانی گەلی لەسەر نوسراوە. بەڵام زەمانەتی ئەوە چییە کە دان بەم مافانەدا بنرێت؟ زەمانەت لە هێزی چینەکانی گەلدایە کە ئێستا ئاگاییان بۆ درووستبووە. کەواتە تکایە با ڕێگە نەدەین بە قسەکانیان چەواشەمان بکەن - کە تەنها لە فرەڕێسە دیموکراتە بۆرژوازەکان جوانە- دەبێت بۆ ساتێکیش ئەوە لەبیرنەکەین بەهێزیی ئێمە لەوەدایە کە لە خەباتماندا لەدژی نەیارەکانمان سەرکەوتن بەدەستهێنین، ئێمە هێشتا سەرکەوتنی تەواوەتیمان بەدەستنەهێناوە. دەبێت بڕوا بەقسە

بریقەدارەکانیان نەکەین، لەبەرئەوەی لە زەمانێکدا دەژین هێشتا خەباتی ئاشکرا تیایدا بەردەوامە، هەموو قسە و بەڵێنەکانیان بەخێرایی خراونەتە ژێر تاقیکردنەوەی پراکتیکییەوە، لەکاتێکدا قسە و یاداشت و بەڵێنەکانیان دەربارەی دەستوور بۆ فریودانی گەل ڕیزدەکەن، هەروەها مەبەستیان لاوازکردن و پەرتەوازەکردنی ڕیزەکانی گەلە بۆ ئەوەی دەستبەرداری چەکەکانیان ببن. هیچ شتێک بە ئەندازەی قسە و بەڵێنەکانی ئەوان ساختە نییە، ئێمە شانازی ئەوەمان هەیە کە بڵێین پرۆلیتاریای ڕووسیا پێگەیشتووە، بۆ ئەوەی لە دژی هەموو هێزێکی دڕندە و پێشێلکاریی دەستووری لیبراڵەکان خەبات بکەن، ئەوەی ئەم قسانەم دەسەلمێنێت ئەو بانگەوزاە بوو کە کرێکارانی هێڵی شەمەندەفەر دایانڕشتبوو، کە دواتر ڕۆژنامە بیانییەکان بڵاویانکردبووەوە. بانگەوازەکە دەڵێت: "هاوڕێیان هەستن بە کۆکردنەوەی چەکەکان، لە پێناو خەباتی بێوچاندا خۆتان ڕێکبخەن، هەموو تواناکانتان بخەنە گەڕ. تەنها بە کۆکردنەوە و چەکدارکردن و ڕێکخستنی ڕیزەکانمان دەتوانین دەستکەوتەکان بپارێزین، هەروەها وەڵامی داواکارییەکانیشمان بدرێتەوە. کاتێک دێت کە جارێکی تر هەستینەوە، هەموومان وەک یەک پیاو لە پێناو ئازادییەکی تەواو خەباتی نوێ بکەین".

تەنها بەو شێوەیە زەمانەت مسۆگەردەکەین. ئەمە دەستووری حەقیقیی ڕووسیای ئازادە! تەماشای بەیاننامەی ١٧ی ئۆکتۆبەر و حەقیقەتەکانی ژیانی ڕووسیا بکەن: بە ئاشکرا لێکدژی و پارادۆکسی نێوان دانپیانانی قەیسەر بە دەستوور لەسەر کاغەز و "دەستوور" بە پراکتیکی دەبینین، واتا پراکتیزەکردنی فیعلیی دەسەڵات لەلایەن قەیسەرەوە! بەیاننامەکەی قەیسەر لەم ڕووەوە بەڵێنی دەستووریی بریقەداری تێدابوو. بەڵام باجی ئەم بەڵێنانەیان بۆ مانیفێست کردین. ڕایانگەیاند کە کەسێتیی تاک لەکەدار ناکرێت، ئەمە لەکاتێکدا ئەوانەی کە لەگەڵ خواست و ئارەزووی ئۆتۆکراتیی نەدەهاتنەوە، خزێنرابوونە زیندانییەکان، یان ڕەوانەی مەنفا دەکران، یان دوور دەخرانەوە. ئازادیی ئەنجامدانی کۆبوونەوەیان ڕاگەیاند، لەگەڵ ئەوەشدا هەستان بە داخستنی زانکۆکان کە یەکەم شوێن بوو کۆبوونەوەی ئازادانەی تیادا ئەنجام بدرێت، هەروەها دەروازەکانی زانکۆ لەلایەن پۆلیس و سەربازەوە پاسەوانی دەکرد، کەچی باسیان لە ئازادیی ڕۆژنامەگەریی دەکران.

دەستیانگرت بەسەر ڕۆژنامەی (نۆڤایا جیزن)دا کە وتەبێژی بەرژەوەندییەکانی کرێکاران بوو، لەبەرئەوەی بەرنامەی سۆسیالیستە دیموکراتەکانیان چاپکردبوو.
شوێنی سەد وەزیرە بێزراوەکەش چەند وەزیرێکی تر پڕیانکردەوە، گوایە ئەوان یاسا پەیڕەو دەکەن، بەڵام هێشتا سەد وەزیرەکە چالاکی و ئیمتیازاتیان وەک خۆی ماوەتەوە و لەلایەن پۆلیس و سوپاوە دەپارێزرێن، هاوڵاتیانی ڕووسیای ئازاد ئەوانەی لە دژی بیرۆکراسی دەوەستنەوە لەسێدارەدەدرێن. لە بەردەم نموونەیەکی ڕوونی لەم شێوەدا، پێویست دەکات کوێربین، یان خۆپەرستیی چینایەتی چاوبەستی کردووین، چونکە هیچ سەرنجێکمان لەسەر بەڵێنەکانی وەزیر (ویستی) نییە، سەبارەت بە ڕاپرسیی و بەیاننامەکەی قەیسەر، ئایا داوا لە ئەنجومەنی دۆما دەکات کە کۆببنەوە. تەنانەت ئەگەر شتێکی لەم جۆرەش ڕووبدات ئەوا بڕیار لە چارەنووسی ململانێکان نادات، هەروەها ناتوانێت لە هەڵبژاردنەکاندا ئازادیی فیعلی فەراهەم بکات، هەروەها کۆمەڵەی میللی ناتوانێت دامەزراوەیەکی حەقیقی بێت. پێویستە ئەنجومەنی دۆما فۆرمێکی یاسایی و پەرلەمانی بە ستراکتۆری ڕووسیای نوێ ببەخشێت، بەڵام پێش ئەوەی پاڵپشتی لە سەرکەوتنی نوێ بکرێت، بۆ ئەوەی فۆرمێکی گونجاو بەم سەرکەوتنە ببەخشین، پێویستە سەرکەوتنی فیعلی تۆماربکەین، پێویستە هێزی دامەزراوە کۆنەکان تێکبشکێنرێت، پێویستە گسکیان لێ بدەین، هەروەها کۆشکی کۆن تەختی زەوی بکرێت، هەروەها دەبێت هەموو هەوڵێکی پۆلیس و عەسابەکان بۆ بەرەنگاربوونەوە تێکبشکێنین.
هەڵبژاردنێکی تەواو ئازاد و پێدانی دەسەڵاتێکی تەواو بە ئەنجومەنی دۆما، تەنها لەڕێگەی ڕاپەڕینەوە دێتەدی، ڕووخاندنی حوکمی قەیسەری، کە حکومەتێکی شۆڕشگێڕیی کاتی جێگەی بگرێتەوە. دەبێت هەموو هەوڵێک بدەین بۆ ئەوەی بگەین بەو ئامانجە، دەبێت ڕێکخستن و ئامادەکاری بۆ ڕاپەڕین لە سەرەوەی کارنامەکەماندا بێت.

با هەموو جۆرەکانی چەواشەکاری و ساختەیی و چاوبەستکردن بڕووخێنین! شەڕ ڕاگەیەنرا، کوشتار کڵپەی گرت، ئەوەی ئێستا بەدەستیەوە دەناڵێنین هۆکارەکەی سستبوون و وەستانێکی کاتییە لەنێوان دوو شەڕدا. ناکرێت لە ناوەڕاستی ڕێگاکەدا

بوەستین. بزووتنەوەی "سپی"[١] فیڵێکی ڕەهایە. ئەوەی لە ڕیزی شۆڕشدا نەوەستێت، ئەوە لە "سەد بێزراوەکە"یە. تەنها ئێمە ئەوە ناڵێین. ئێمە ئەم وەسفەمان دانەهێناوە. ئەو بەردانەی کە لە شەقامەکانی مۆسکۆ و ئۆدیسا خوێناوی بوون بە دەنگێکی بەرز ئەم وشانە دەڵێنەوە، هەروەها لە کرۆنتچات و قۆقاز، لە پۆلەندا و تۆمسک.

ئەوانەی لە ڕیزی شۆڕشدا نەوەستن کەواتە لە سەد کەسە قێزەونەکەن. ئەوانەی ئارەزووناکەن کە لەپێناو ئازادیی ڕووسیادا قوربانی بدەن، (یان لەبەرامبەر ڤۆدکا)دا بەناچاری گەواهیی درۆزنانە دەدەن، و هێرشدەکەنە سەر خەڵکی سڤیل، پێویستە خۆی چەکداربکات و بەپەلە ئامادە بێت بۆ شەڕ. دەبێت ئازادیی حەقیقی بەدەستبهێنین، نەک بەڵێن بە پێدانی ئازادی، یان فرمێسکی سەر کاغەز. پێویستە لەسەرمان سەرشۆڕی بەسەر دەسەڵاتی قەیسەردا بهێنین، تەنها ئەوە بەس نییە کە ئەم دەسەڵاتە دان بە مافەکانی گەلدا بنێت، بەڵکو دەبێت ئەم دەسەڵاتە بڕووخێنین، چونکە دەسەڵاتی قەیسەر واتە دەسەڵاتی سەد پیاوەکە بەسەر ڕووسیادا. ئەم ئەنجامەش تایبەت نییە بە ئێمە. چونکە ئەمە پوختەی واقیعەکانی ژیانە. ئەو دەرسەش ڕووداوەکانی زەمەن فێری کردووین. ئەوە دەنگی هەموو ئەو کەسانەیە کە تاکو ئێستا لە دووریی هەموو ڕەوتێکی شۆڕشگێڕانەوە وەستاون و لە شەقامەکاندا بە ئازادیی هەنگاوێکی بوێرانەیان نەناوە، یان تاکو ئێستا لە کۆبوونەوە و تەنانەت لە ماڵەکانی خۆشیاندا سەرکێشییان بە ژیانی خۆیانەوە نەکردووە، تاوەکو لەلایەن شوێنکەوتووان و عەسابەکانی قەیسەرەوە پەلامار بدرێن.

دواجار، شۆڕش ئەم (هێزە شەعبییە)ی ناچارکرد کە بەئاشکرا بە ڕووی هێزەکانی قەیسەردا دەرپەڕن. بۆ ڕای گشتی ڕوونبووەوە کە حوکمی قەیسەر پشت بەکێ دەبەستێت، هەروەها ئەوانەش کێن کە بەکردەیی پاڵپشتی لەم ڕژێمە دەکەن. ئەوانیش بریتین لە؛ هێزە دڕەندەکانی پۆلیس، ڕاهێنراوان لەسەر دیسپلین و ڕێسا، سەربازی نیوە عەقڵ، پیاوانی ئاینیی سەرلێشێواو و خڵەفاو، خاوەن حانووتە گەورەکان، دەستەیەک لە

---

[١] دەتوانین بۆ دۆخی ئەمڕۆی کوردستان بزووتنەوەی سپی بە لیستەکەی سەرمایەدارێکی وەکو شاسوار عەبدولواحید بچوێنین کە بەهۆی ئەو بۆشاییە سیاسییەی ئەمڕۆ لە ئارادایە دەیەوێت خۆی بکات بە ڕابەری چەوساوەکان و نەوەی نوێ. بەڵام پێویستە هەرگیز ئەوە لەیاد نەکەین کە چینی چەوساوە و هەژاران تەنها خۆیان دەتوانن عەدالەت و ئازادی بەدیبهێنن. بۆیە تەنها بەدیل بریتییە لەوەی کە چینی بەشمەینەت و بەشخوراو لە دەوری ئایدیای چەپی نوێ کۆببینەوە و بەرەیەکی یەکگرتوو دروست بکەین بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی ئۆلیگارشیی کوردی و بەرنامەی چەپەڵی زلهێزە داگیرکەر و ئیمپریالیستەکان. دواجاریشخۆڕێکخستن بەمەبەستی سەرپێخستنی شۆڕشێکی ڕادیکاڵ بۆ کۆتاییی هێنان بە جەنگ و ماڵوێرانی و هەژاری. (و.ک)

کۆمەڵگای سەرمایەداری کە ڤۆدگا وڕ و گێژی کردوون. ئێستا ئەوانە دەستیان بەسەر ڕووسیادا گرتووە و نۆ لەسەر دەی دامەزراوە حکومییەکان دەپارێزن و پاڵپشتیی لێدەکەن. ئەوەتا کۆنەپەرستانی ڕووسیا لە کۆنەپەرستانی فەڕەنسا دەچن، وەکچۆن نیکۆلا ڕۆمانۆڤی قەیسەر لە ناپلیۆنی سەرکێش دەچێت. بەڵام هێشتا کۆنەپارێزانی ئێمە قسەی کۆتاییان نەکردووە، تکایە هاونیشتیمانیانی بەڕێز لەم ڕووەوە هیچ هەڵەیەک مەکەن، چونکە ئێستا ئەوانیش خەریکی دەرخستنی هێزەکانیانن. ئەوانیش یەدەگی خۆیان لە "کەرەستەی ئامادە بۆ تەقینەوە و گڕگرتن" هەیە کە بەدرێژایی چەندین سەدە لە دواکەوتوویی و چەوسانەوە و کۆیلایەتی و پۆلیسیی کۆلێژی ستەم، کەڵەکەیان کردووە. ئەوان لە هەناوی خۆیاندا نەفامی و دواکەوتوویی ئاسیایان هەڵگرتووە، لەگەڵ سیمایەکی ڕقئەستورانە بۆ چەوساندنەوە و گەوجاندن، بەشێوەیەک بچوکیان کردوونەتەوە کە بارودۆخیان وەک دۆخی ئاژەڵێکی دڕندەیان لێهاتووە. کۆنەپارێزییەکی لەم جۆرە، بە بەیاننامەیەکی قەیسەر، یان لەڕێگەی ئەنجومەنی قەشەکان و گۆڕینی پۆستە باڵا و نزمەکان لە سیستەمی بیرۆکراسیدا، کۆتایی نایەت. ئەوان تەنها لە ڕێگەی هێزی پرۆلیتاریای ڕێکخراو و ڕۆشنبیرەوە دەڕووخێنرێن، لەبەرئەوەی پرۆلیتاریا خۆی چەوسێنراوەتەوە، تەنیا پرۆلیتاریاش دەتوانێت ئەوانی تر هەستێنێتەوە و ئەو هەستەیان لا درووستبکات کە ئەوانیش مرۆڤ و هاونیشتیمانین، هەروەها ڕێگای ڕزگاربوونیان لە چەوسانەوە پیشانبدات. تەنها پرۆلیتاریا دەتوانێت شانەی سوپای شۆڕشگێڕیی چالاک درووستبکات، سوپایەک کە لە دیسپلین و ڕێکخستن و خەباتدا لەوەی پێشخۆی چالاکتر بێت، بەشێوەیەک هیچ هێزێکی کۆنەپارێز نەتوانێت لە بەرامبەریدا بەرەنگاری بکات.

*سەرچاوە: تەواوی کارەکان، بەرگی نۆهەم، لا ٤٥٧ بۆ ٤٦٦، خانەی پێشکەوتن، مۆسکۆ ١٩٧٢، چاپی ئینگلیزی.